### تۆمارکردنی سەرەکی

لەبیرت بێت تا (١)ی ئادار داوای جێگا لە باخچەی ساوایان بکە.

منداڵت هەیە لە مانگی ئەیلول و مانگی تشرینی یەکەم لە دایک بووبێت و حەز بکەیت پێش ئەوەی تەمەنی ببێت بە ساڵێک لە باخچەی ساوایان دەست پی بکات. مانگێک پێش بوونی منداڵەکەت بە ساڵێک مافی وەرگرتنی جێگات نییە. جێگای منداڵ لە باخچەی ساوایانی سەر بە شارەوانی دەبێ لە ماوەی مانگێک داوای بەرواری نامەی قبوڵکردن بەکاربهێنرێت.

#### ئەو منداڵانەی تۆماری سەرەکی دەیانگرێتەوە

- ئەو منداڵانەی مەرجی یاساییان تێدایە بۆ وەگرتنی جێگا لە باخچەی ساوایان.
- ئەو منداڵانەی باخچەی ساوایانی خۆیان دەگۆڕن.

ئەو منداڵانەی مەرجی یاسایی چوونە باخچەی ساوایانیان تێدایە، لە تۆمارکردنی سەرەکیدا جێگایان بۆ دادەنرێت. منداڵەکانی تر جێگایان دەدرێتێ ئەگەر جێگای بەتاڵ هەبوو. تۆمارکردنی سەرەکی دادەخرێت کاتێک هەموو ئەو منداڵانە وەردەگیرێن کە داوای جێگایان کردووە و مەرجی یاساییان تێدایە.

باخچەی ساوایانی تایبەت ڕێسای خۆیان هەیە بۆ ڕێکخستنی تۆمارکردنی منداڵ.

ئەگەر منداڵەکەت سەر بە یەکێک لەم گروپانەی خوارەوە بوو، دەبێ ڕاستەوخۆ دوای ئەوەی داواکەت پێشکەش دەکەیت بەڵگەکان بە پۆستدا بنێریت بۆ شارەوانی:

- ئەو منداڵانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن یان بڕیاری فەرمانگەی پاراستنی منداڵیان هەیە.
- منداڵی ئەو خێزانانەی بە هۆی نەخۆشی درێژخایەن یان بە هۆی کەمئەندامییەوە ئەرکی زۆریان لەسەرە.

لەبیرت بێت پێش ئەوەی مۆڵەتی داواکردن تەواو ببێت وەڵامی ئەو نامەیە بدەرەوە کە جێگا لە باخچەی ساوایان پێشکەش بە منداڵەکەت دەکات. ئەوەش بەوە دەبێت کە بچیتە ناو پێگەی باخچەی ساوایانەوە لەسەر ئینتەرنێت و لەوێ وەڵام بدەیتەوە.

### دوای تۆمارکردنی سەرەکی

دوای داخستنی تۆمارکردنی سەرەکی داوای جێگا لە باخچەی ساوایان دەکەیت، یان لەو کاتەدا داوا دەکەیت کە هێشتا تۆمارکردن کراوەیە، بەڵام منداڵەکەت مەرجی یاسایی وەرگرتنی جێگای لە باخچەی ساوایان تێدا نییە.

#### بەراوردێک لە نێوان کراوەیی وەرگرتن و وەرگرتنی سەرەکی

- ئەگەر لەو کاتەی کە تۆمارکردن کراوەیە/بەردەوامە داوای جێگا بکەیت، ئەوا داواکەت هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت بە مەرجێک دوای (١)ی تشرینی یەکەم داوای جێگات کردبێت.
- دەتەوێ منداڵەکەت لە بەهار یان هاوین دەست پێ بکات، ئەوا داواکەت لە تۆمارکردنی کراوە و وەرگرتنی سەرەکی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.

#### بەم جۆرە داوا دەکەیت

- ئەو باخچەی ساوایانە یان چەند باخچەیەکی ساوایان بدۆزەرەوە کە پێت باشە.
- دەتوانیت ناوی شەش باخچەی ساوایان لە داواکەتدا تۆمار بکەیت.
- دەتوانیت بۆ هەموو باخچەکانی ساوایان یەک داوا پێشکەش بکەیت.
- دەتوانیت لە هەموو فرێدریکستاد دا داوای جێگا لە باخچەی ساوایانی سەر بە شارەوانی و باخچەی ساوایانی تایبەت بکەیت. لیستی ناوی باخچەی ساوایان لە پێگەی باخچەی ساوایان لەسەر ئینتەرنێت هەیە.
- با مەرجەکانی وەرگرتن لە منداڵەکەتدا هەبێت.

- دابەشکردنی جێگا لە باخچەی ساوایانی سەر بە شارەوانی بە پێی یاسای باخچەی ساوایانی شارەوانی فرێدریکستاد دەبێت. مەرجەکان شوێنی داواکەت لە لیستی داواکارییەکاندا دیاری دەکات.
- باخچەی ساوایانی تایبەت ڕێسای خۆیان هەیە بۆ دابەشکردنی جێگاکان. ئەو ڕێسایانە لە پێگەی تایبەتی هەریەک لەو باخچەی ساوایانەدا لە سەر ئینتەرنێت هەیە.
- شوێنی تۆمارکردنی داواکارییەکان لە پێگەی باخچەی ساوایاندایە (تۆ ناتوانیت بچیتە ناوی).
- دەبێ خۆت و منداڵەکەت ژمارەی نیشتمانی (یان ژمارەی D) تان هەبێت، هەروەها دەبێ پۆستی ئەلیکترۆنی و، ژمارەی مۆبایلت هەبێت. ئەگەر چاوەڕوانی وەرگرتنی ژمارەی نیشتمانی دەکەیت، پەیوەندی بە بەشی خزمەتگوزارییەوە بکە و ئەوەیان پێ بڵێ.

پێگەی باخچەی ساوایان [Barnehageportalen]

**دەتەوێ باخچەی ساوایانی منداڵەکەت بگۆڕیت؟**

- پێشتر منداڵەکەت شوێنی هەبووە، بەڵام دەتەوێ باخچەی ساوایانەکەی بگۆڕیت، ئەوە دەبێ داوایەکی نوێ بنێریت.

**ماڵت دەگوازیتەوە؟**

- دەتوانیت داوای جێگا لە باخچەکانی ساوایانی سەر بە شارەوانی لە هەموو فرێدریکستاد بکەیت بێ ئەوەی منداڵەکەت لە فرێدریکستاد بژی، بەڵام دەبێ منداڵەکەت ناونیشانێکی دانیشتنی لە فرێدریکستاد هەبێت لە کاتی وەرگرتنیدا.
- ماڵت لە فرێدریکستاد دەگوازیتەوە، دەتوانیت جێگاکەت لە باخچەی ساوایانی سەر بە شارەوانی بۆ ماوەی تا یەک مانگ لە دوای گواستنەوەکەت هەر بمێنێت، بەڵام دەبێ نامەی وازهێنان لەو جێگایە بنێریت.
- باخچەی ساوایانی تایبەت ڕێسای خۆیان هەیە بۆ ڕێکخستنی ئەو پرسە.

**شکات کردن**

ئەگەر ویستت شکات لە دژی بڕیاری پێدانی جێگای باخچەی ساوایان بکەیت، پەیوەندی بە شارەوانییەوە بکە.